**جۆرج ئۆروێل**

# ئازادیی پارک[1]

وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی

*[ئەوە ووتاری سییەم لە کۆمەڵە ووتاری 'فاشیزم و دیموکراسی'ی جۆرج ئۆروێل ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووسی ناسراوی ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمی بریتانیایە. ئۆروێل وەک لیبراڵێکی خوازیاری ئازادیی قەڵەم و بەیان، باوەکوو دانووی لەگەڵ چەپەکان ناکوڵێت، دیسانەکە لێرەدا ڕەخنەگری یاسا، دادگا و پۆلیسیووڵاتەکەیەتی بۆئەوەی چەند ڕۆژنامەفرۆشی ڕۆژنامە چەپەکانیان لە دەرەوەی هایدپارکی لەندەن گرتووە و بە تاوانی ئەوەی ڕێگرییان لە هاتووچۆی ئازادی خەڵکی سەر جادە کردبێ، حوکمیانداون. سەردەمی نووسرانی وتارەکە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانییە و لەو پەیوەندییەدا نووسەر شانازی بە بوونی چەشنە ئازادییەکی ڕێژەیی ڕادەربڕین لە بریتانیا دەکات کە لە ئاڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشیستدا بوونی نەبووە و لەو پەیوەندییەدا وەک ناسیۆنالیستێک دەردەکەوێ. وەرگێڕ]*

---

[1] سەرچاوەی وەرگێران: جۆرج ئۆروێل،"ئازادیی پارکەکە"- کۆمەڵەی وتاری فاشیزم و دێموکراسی، چاپی پینگوین بووکز، لەندەن ٢٠٢٠
George Orwell, “Freedom of the Park”, Fascism and Democracy, Penguin Books, London ٢٠٢٠; ISBN: ٩٧٨-٠-٢٤١-٤٥٥٦٧-٨

چەند حەوتوویەک پێش ئێستا، پۆلیس پێنج کەسی بەناوی ڕێبەندانەوە گرت کە لە دەرەوەی هاید پارک[٢] ڕۆژنامەیان دەفرۆشت. کاتێ کەسەکان برانە بەردەم دادگای بەرایی[٣]، هەموویان بە تاوانبار ناسران، چوارکەسیان حوکمدران بەوەی لە ماوەی شەش مانگدا ئاسایش تێکنەدەن و ئەوی دیکەیان پڕیاری چل

---

٢. Hyde Park پارکی گەورەی ناوەڕاستی شاری لەندەن. لە قوژبنی باکووری ڕۆژهەڵاتی پاڕکەکە گۆڕەپانێک هەیە کە لە ماوەی ٢٥٠ ساڵی ڕابردوودا شوێنی قسەکردنی ئازاد بووە. واتە لە سەردەمێکدا کە فەیسبووک و تویتر و واتسئەپ بۆ دەرپڕینی بیروڕای سەربەخۆی تاکەکەس و گرووپی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئایینی بوونی نەبووە، ئەو چەشنە شوێنانە، کە لە چەند پارکی دیکەی لەندەن و چەند شاری دیکەی بریتانیاش تایبەت بە قسە و بیرورا گۆڕینەوە کراون، دەورێکی گرنگیان لە دابینکردنی دیموکراسی و ئازادیی ڕاگەیاندنی بیروڕای کۆمەڵانت=ی خەڵکدا بینیوە. تەنانە تا ئێستاش لایەنگرانی هەندێ سیاسەت، بۆ نموونە ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و لەمڕۆژانەدا بەتایبەت لایەنگرانی ئازادیی فەلەستین لەوێ کۆدەبنەوە و وتار دەدەن.

٣. ئەو چەمکە لە ڕاستیدا Magistrate Courtە کە دادگایەکی سووکەیە تەنیا بەو کێشانە ڕادەگات سزادانی کۆتاییەکەی لە شەش مانگ زیندان و پرە غەرامەیەک زیاتر نەبێت. ئەگەر دادگا هەست بکات کێشەکە لەوە گەورەترە، خۆی دەکشێتە دواوە و کەیسەکە دەنێرێتە بەردەم دادگای پادشایی (Crown Court).

شیلینگ[٤] غەرامە یا مانگێک زیندانی بۆ دەرچوو. کەسەکە پێی باشتر بوو زیندان بکێشێ، هەر بۆیەش لاموایە ئێستا لە زینداندا بێت.

ئەو ڕۆژنامانەی وا دەیانفرۆشت، بریتی بوون لە *هەواڵەکانی ئاشتی*، *پێشوەچوون*، و *ئازادی* و هەندێ ڕۆژنامەی هاوچەشنی دیکە. ڕۆژنامەی *هەواڵەکانی ئاشتی* ئۆرگانی ڕێکخراوی یەکیەتی ئاشتیخوازانە؛ *ئازادی* (کە تا ئەم دواییانە پێی دەگوترا *تەفسیری شەڕ*)، هی ئاناڕشیستەکانە؛ *پێشوەچوون*یش ڕوونکەرەوەی دژایەتیکردنی سیاسەتە، بەڵام هەرچۆنێک بێ چەپێکی توندڕەوە. دادگای بەرایی گوتوویەتی لە دەرکردنی ئەو حوکمانەدا کارتێکەریی سروشتی ئەو ئەدەبیاتەی لەسەر نەبووە کە فرۆشراون، بەڵکوو دادوەر تەنیا نیگەرانی ڕاستەقینەی 'ڕێگریکردن' بووە، و ئەو خاڵەش کە سەرپێچییەکە بە کردەوە بەڕێوەبراوە.

ئەوە هەندێ پرسی گرنگ دەخاتە بەردەم. وەک دەسپێک، یاسا چۆن لەسەر بابەتەکە دەوەستێ؟ ئەوەندەی من دەرکی پێبکەم، فرۆشتنی ڕۆژنامە

---

[٤]. Shilling پارەی کۆنی بریتانیا کە بەرانبەر بووە بە بیست یەکی پاوەنێک. چل شیلینگ دەیکردە دوو پاوەن.

لەسەر ڕێگاوبان، هەرچۆنێک بێ، ئەگەر کاتێ پۆلیس فەرمانت پێبدات بڕۆ و تۆ لەشوێنەکەی خۆت نەجووڵێی، بە کردەوە دەبێتە ڕێبەندان. کەوابوو بە پێی قانوون هەموو پۆلیسێک کە هەستێکی لەو شێوەیەی هەبێ، دەگونجێ هەموو منداڵە ڕۆژنامە فرۆشێکیش بگرێ کە ڕۆژنامەی *هەواڵەکانی ئێوارە (Evening News)* دەفرۆشێت و دیارە ئەوە بەڕێوەنابرێت؛ کەوابوو بەڕێوەچوونی یاسا دەوەستێتە سەر خواستی پۆلیس.

سەبارەت بەوەش کە چ شتێک پۆلیس دێنێتە سەر بڕیاری گرتنی مرۆڤێک و نەگرتنی یەکی دیکە، هەرچی بۆ دادوەرانی دادگای بەرایی هاتبێتە پێشەوە، من بۆم ئەستەمە باوەڕ بکەم لەم کەیسەدا پۆلیس کارتێکەریی سەرنجی سیاسیی لەسەر نەبووبێت. ئەوە هەندێ لە کارێکی بەهەڵکەوت زیاترە کە چووبێتن تەنیا یەخەی ئەو کەسانەیان گرتبێ وا ئەو چەشنە ڕۆژنامانەیان فرۆشتووە. دیارە ئەگەر ئەوکەسانەشیان بگرتایە کە ڕۆژنامەی *حەقیقەت، تابلێت*، یا *سپێکتەیتر* یا تەنانەت *هەواڵەکانی کلیسا*یان[٥] فرۆشتووە،

[٥] Truth, The Tablet, Spectator, or even the Church Times

ئەودەم هاسانتر دەبوو باوەڕ بە بێلایەنییەکەیان بکرێ.

پۆلیسی بریتانیا وەک ژاندرمەی وڵاتانی دیکە یا وەک گشتاپۆ نییە، بەڵام لاموانییە کەسێک بە قسەیەکی وا خراپەیان بڵێ کە لە ڕابردوودا لەگەڵ چالاکییەکانی باڵی چەپدا دۆستانە نەجووڵاونەتەووە. ئەوان بەگشتی مەیلێک بەرەو ئەوە پیشان دەدەن کە لایەنی ئەو کەسانە بگرن وا بە داکۆکیکارانی مڵک وماڵی شەخسی دەناسرێن. هەندێ کەیسی جێگەی شەرم لە سەردەمی ئاڵۆزییەکانی مۆسلی دا[٦] هەبوون؛ لە تاقە کۆبوونەوەی گەورەی موسلیدا کە من تەنیا بۆ ئەو یەکجارە بەشداریم تێدا کرد، ئەوان بۆ 'پاراستنی نەزم' بە شێوەیەک هاوکاریی کراس ڕەشەکانیان دەکرد کە بە دڵنیاییەوە بە هەمان شێوازی هاوپشتیی سوسیالیست و کومۆنیستەکانیان نەدەکرد. هەتا ئەم دواییانەش 'سوور' و 'غەیرە قانوونی' هاوواتای یەکتر بوون، و هەمیشە وابوو کە بۆ نموونە، فرۆشیاری *دەیلی*

---

٦. Oswald Mosley ڕیبەری حزبی فاشیستی بریتانیا لە ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا. مۆزڵی لایەنگری توندوتیژی نازییەکانی ئاڵمانیا و فاشیستەکانی مۆسۆلینی لە ئیتالیا بوو. نووسەری وتار ئەوە دەگرێتە ئەستۆ کە جارێک لە کۆبوونەوەکانی ئەودا بەشداریی کردووە.

*وورکر* [ی چەپ] هەرگیز بۆ نموونە وەک فرۆشیاری *دەیلی تێلێگراف*[ی ڕاست] نەبوو کە دەجووڵایەوە و بەگشتی ئازاریشی دەبینی. ئەوە، بەڕواڵەت هەرچۆنێک بێ، هەندێ جار دەتوانێ لە ژێر حکوومەتی حزبی کرێکاریشدا هاوشێوە بێت.

شتێک کە پێمخۆشە بزانم- و زۆر کەمیش بە هەواڵی دەزانین- ئەوەیە کاتێ گۆڕان لە حکوومەتدا پێکدێ، چ گۆڕانکارییەک لە کەسەکانی بەڕێوەبەرایەتیدا دێتە کایەوە؟ ئایا ئەو ئەفسەرە پۆلیسەی وا باوەڕێکی لێڵ و ناڕوونی هەیە بەوەی 'سوسیالیزم' بەواتای شتێکی دژ بە یاسایە، کاتێ کە حکوومەتەکە خۆیشی سوسیالیستیە هەمان ئەو باوەڕە دەپارێزێت؟ وێدەچێ ئەوە ئەسڵێک بێت کە خەڵکانی پیشەیی نابێ پەیوەندی حزبایەتییان هەبێ، دەبێ بە وەفادارییەوە خزمەتی ئەو حکوومەتەش بکەن کە بۆتە جێگری ئەوی پێشوو و ناشبێ ببنە قوربانیی باوەڕی سیاسی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا، چ حکوومەتێک دەتوانێ دوژمنەکانی خۆی لە سەر پۆستە کلیلییەکان دابنێت و کاتێ کە حزبی کرێکار بۆ یەکەمجار لە دەسەڵاتی بێگوماندایە – و خەریکە ئەو ئیدارەیە بەدەستەوە بگرێ کە حزبی پارێزەرەکان پێکیهێناوە- بە ڕوونی دیارە دەبێ گۆڕانکاریی

پێویست بێنێتەکایەوە بۆ ئەوەی بەرگر بێت لە کاری تێکدەرانە. فەرمانبەری فەرمی، تەنانەت ئەگەردۆستانەش لەگەڵ حکوومەتی سەر دەسەڵات بجووڵێتەوە، هەر بە تەواوەتی ئاگادارە کە خۆی مانەوەی هەیە و دەتوانێ ئازاری ئەو وەزیرانە بدات کە ماوەی مانەوەیان کورتە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارە خزمەتیان بکات.

کاتێ کە حکوومەتێکی حزبی کرێکار دەسەڵات دەگرێتە دەست، نازانم چی بەسەر لقی تایبەتی سکۆتلەندیارد[٧] دێت؟ یا زانیارییەکانی سوپایی؟ یا خزمەتگوزارییە کۆنسوولییەکان؟ یا گەلێک بەڕێوەبەرایەتی کۆلۆنیالی- و هەروەها و هەروەتر؟ ئەوانە بە ئێمە ناگوترێ بەڵام ئەو نیشانانەی کە بەدەستەوەن ئەوەمان پێنالێن کە تاقە یەک گۆڕانکارییش لە فەرمانبەراندا بەرێوە دەبرێت. ئێمە لە دەرەوەی وڵات هێشتا لەلایەن هەمان باڵیۆزەوە نوێنەرایەتی دەکرێین و سانسۆری بی بی سی وێدەچێ هەمان ڕەنگی لەبنەوەپری دواکەوتووانەی هەبێت کە هەمیشە بوویەتی. دیارە بی بی سی دیعایەی ئەوە دەکا کە هەم سەربەخۆیە و هەم غەیرە سیاسی. جارێکیان بە

[٧]. پۆلیسی بریتانیا

منیان گوت کە 'هێڵ'ەکەی ئەوان، دیارە ئەگەر هێڵێکیشیان هەبێت، نوێنەرایەتی باڵی چەپی حکوومەتی سەر دەسەڵات ناکات. بەڵام ئەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی چرچیلدا بوو. ئەگەر بی بی سی نوێنەرایەتی باڵی چەپی ناو حکوومەتی ئێستای بکردایە، من سەرنجم بەرەو ئەوڕاستییە نەدەچوو [کە ئێستا باسی لێوەدەکەم].

هەرچۆنێک بێ خاڵی سەرەکیی ئەم بەشە وتارە، ئەوەیە ئەگەر بێت و دەست لەکاری ڕۆژنامە و نامیلکە فرۆشان وەربدرێت، چ کەمایەتییەکی تایبەت هەڵدەبژێردرێ – کۆمۆنیستانی ئاشتیخواز، ئانارشیستەکان، شایەدانی خوا[٨] یا لیژیۆنی ڕیفۆرمخوازی مەسیحی کە لەم دواییانەدا ڕایانگەیاند هیتلەر هەمان مەسیحە؟ ئەوە بابەتی دووەمە. گرنگایەتییەکی نیشانەیی لەوەدایە کە ئەو خەڵکانە دەبوایە لەو شوێنە تایبەتەدا دەستگیر بکرێن. ئێوە مافی ئەوەتان نییە لە ناو هایدپارک دا ڕۆژنامە بفرۆشن، بەڵام ئەوە لە ساڵانێکی زۆر پێش ئێستاوە کارێکی ئاسایی بووە کە

---

[٨]. Jehovah's Witnesses فیرقەیەکی نوێی مەسیحی کە لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ دا لە ئەمریکا سەریهەڵداوە و تا ڕادەیەک لە باوەڕەکانیدا ڕادیکاڵە.

ڕۆژنامەفرۆشەکان خۆیان ڕاست لە دەرەوەی دەروازەکاندا جێگیر بکەن و ئەدەبیاتێ بڵاوبکەنەوە کە پەیوەندیدار بە کۆبوونەوەیەکی ناو هەوای ئازادە کە بۆی هەیە تەنیا سەد مەتر دوورتر لەوێوە پێکبێت. هەموو چەشنە چاپەمەنییەکیش لەوێ فرۆشراوە بێئەوەی دەست لە کاریان وەربدرێ.

سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی ناو پارکەکە، ئەو کۆبوونەوانە یەک لە شتە سەمەرە بچووکەکانی جیهانن[٩]. من لە کاتوساتی جیاوازدا گوێمداوەتە نەتەوەییە هیندییەکان، ڕیفۆرمیستانی میانەڕۆ، کومۆنیست، تڕۆتسکیست، حزبی سوسیالیستی بریتانیای مەزن، ئەنجومەنی کاثۆلیکی نیشانەیی، ئازادبیران[١٠]، گیاخۆران، مۆرمونەکان[١١]، سپای ڕزگاری[١٢]، سپای کلیسا، و تەنانەت چەشنایەتییەکی زۆری خەڵکانی بەئاشکرا کاڵفام کە هەموویان نۆرەی خۆیان

---

٩. Miner Wonders of the world نووسەر ویستوویەتی مەسەلەکە گەورە پیشان بدا و بە حەوت شتە سەمەرە گەورەکانی جیهانی بشوبهێنێ.

١٠ Freethinkers

١١. Mormons فیرقەیەکی ئایینبی-کولتووریی مەسیحی کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە شاری نیویۆرکی ئەمریکا بنیاتنراوە.

١٢ Salvation Army

دەپارێزن و بەپێی سەرە دەچنە سەر کورسیی وتاردان و بە قسەی خۆش و بەتامی بیسەرانی کۆمەڵە خەڵکی دەوروبەریان وەڵام دەدرێنەوە. ئەگەر ئەو خاڵە بگیرێتەبەرچاو، هایدپارک شوێنێکی تایبەتە، چەشنێک ئاڵسەتیایە[١٣] کە تیایدا بۆچوونی غەیرە یاساییش مۆڵەتی ڕاگوێزرانی هەیە- و ئێستاش ژمارەیەکی کەم لە وولاتان هەن کە شانۆیەکی ڕازاوەی وەک ئەویان هەبێ. من گەلێک پێش ئەوەی هیتلەر دەسەڵات بگرێتە دەست، خەڵکانی بەشی قاڕرەیی ئوروپام ناسیوە کە لە هایدپارک هاتوونەتە دەرێ و کاتێ ئەو شتانەیان گوێ لێبووە وا هیندی یا ئیرلەندییەکان لەوێدا سەبارەت بە ئیمپراتۆرئەتی

---

١٣. Alsatia شوێنێک لە وایت فرایری لەندەن کە لە سەدەی حەظدەهەمدا پەناگەی قەرزدار و تاوانباران بووە. ئەو کەسانە لەوێدا نیشتەجێ بوون و پۆلیس کاری پێیاننەداوە.نیازی نووسەر پەناگە و حصن و شوێنێکە قانوون و بەڕێوەبەرانی یاسا نەتوانن دەستی پێرابگەیەنن. هەروەها ئاماژەیە بە شار و ناوچەی "ئاڵزاس"(ستراسبورگ)ی فەڕانسە لەسەر سنووری ئاڵمانیا کە هەر شەش مانگ جارێک بە نۆرە، فەرانسە و ئاڵمان بەڕێوەی دەبەن. ئەوەش نیشانەی ئەو ڕاستییەی کە دوای ئەوەی ناوچەکە چەندجار لەدەستی فەرانسە ئەستێنرا و درایە ئاڵمانیا و وەرگیرایەوە، لەکۆتاییدا چارەسەری دوو حکوومەتیی بۆ دۆزرایەوە. لە دۆخی ئاسایی و ئاسایشدا دەکرێ کاروبار لەجیاتی شەڕ و خوێنڕشتن، بە هاوکاری و هاودەنگی بەڕێوەبچن.

بریتانیا گوتوویانە، تووشـی سـەرسـووڕمان و تەنانەت پەرێشـانیی هاتوون.
ڕادەی ئێسـتای ئازادیی چاپەمەنی لەم وڵاتەدا ئەغڵەب بەزیادەوە لەقەڵەمدراوە. بە کردەوە ئازادییەکی زۆر هەیە، بەڵام لە ڕاسـتیدا زوربەی ئەو چاپەمەنییانەی وا لە لایەن چەند کەسێکی کەمەوە خاوەندارییی دەکرێن، زیاتر بە هەمان شێوازی سـانسـۆری دەوڵەتی بەڕێوەدەبرێن. لە لایەکی دیکەوە، ئازادیی ڕادەربڕین ڕاسـتەقینەیە. لە سـەر سـەکۆ یا شـوێنی دیکەی دیاریکراوی نێو هەوای ئازاد وەک هاید پارک، کەموزۆر دەتوانی هەموو شـتێک بڵێی، و ئەوەی کە واهەیە گرنگایەتی زیاتری بێت ئەوەیە هیچ کەسێک هەڕەشـەی ئەوەی لێناکرێت لەسـەر ئەوەی ڕای ڕاسـتەقینەی خۆی لە [شـوێنی گشـتیی وەک] پاب، قاتی سـەرەوەی ئوتوبۆس و شـتیتر بێنێتە سـەر زمان.
نوکتەکە لەوەدایە ئەو ئازادییە ڕێژەییەی کە ئێسـتا ئێمە چێژی لێدەبینین، وەسـتاوەتە سـەر بۆچوونی خەڵک و یاسـا پارێزگارییەکی بۆی نییە. حکوومەت قانوون دادەنێ، بەڵام پرسـی ئەوەی ئایا بەرێوەدەبرێن یان نا و ئەوەی پۆلیس چۆن هەڵسـووکەوت دەکا، بە خووی گشـتیی

وولاتەکەوە بەستراوە. ئەگەر ژمارێکی زۆری خەڵک ئازادیی ڕادەربرینیان بوێ، ئازادیی ڕادەربڕین بوونی دەبێت تەنانەت ئەگەر یاسا مەنعیشی بکات؛ ئەگەر باوەڕی گشتی خاو بێت و درەنگ بجووڵێتەوە، کەمایەتیی ناڕازیی تووشی ڕاونران دێن، تەنانەت ئەگەر یاسا پشتیشیان بگرێ. ڕاستە کەمبوونەوەی خواست بۆ ئازادیی ڕووناکبیرانە، نەگەیشتۆتە ئەو ڕادە زۆرەی وا من شەش ساڵ پێش ئێستا لە دەسپێکی شەڕدا، پێشبینیم دەکرد بەڵام کەمترێک هەر بۆتەوە. باوەڕ بەوەی ناکرێ بە سەلامەت مۆڵەتی گوێڕاگرتن [ی دادگا][14] بە هەندێ باوەڕی دیاریکراو بدرێ، ڕوو لە زیادبوونە. ئەوەش لە لایەن ئەو ڕووناکبیرانەوە برەوی پێدراوە کە  کە بەهۆی جیاوازی دانەنان لە نێوان دژایەتیکردنی دیموکراتیک و ڕووبەڕوو وەستانی ئاشکرا دا تووشی سەرلێشێواوی هاتوون و هەر ئەوەشە کە لە جیاوازیی ڕوولەزیادبوونی بۆچوونی ئێمە لەمەڕ ئیستبداد و بێعەداڵەتیی دەرەوەی وڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە.

[14]. Hearing خۆی لەخۆیدا بە واتای گوێ بیسبوونە بەڵام لە بواری دادپەروەریشدا کەڵکی لێوەردەگیرێ و بە دانیشتنێکی فەرمی دەگوترێ کە دادوەر یا دادوەران گوێ بۆ قسەی لایەنەکانی کێشە ڕادەدێرن.

هەروەها تەنانەت ئەوانەی وا خۆیان بە لایەنگری ئازادیی بیر و باوەڕ دەناسێنن، بەگشتی کات ێ دوژمنانەکانیان تووشی ڕاونان دێن، قسەی خۆیان وەردەگرنەوە.
من لاموانییە گیرانی پێنج کەس بەهۆی فرۆشتنی چەند ڕۆژنامەی بێ ئازارەوە کارەساتێکی گەورە بێت. کاتێ ئەو شتانە دەبینی کە ئێستا لە جیهاندا ڕوودەدەن، ئەستەم دێتە بەرچاو بایەخێکی ببێ سەبارەت بەو ڕووداوە بچووکە دەنگت بەرز بکەیتەوە. بە هەمان شێوە، نیشانەیەکی باش نییە کە ئەو شتانە دەبێ بێنە پێشەوە کاتێ کە ئێستا شەڕ بە تەواوەتی کۆتایی هاتووە، و من دەبێ هەست بە دڵخۆشییەکی زیاتر بکەم ئەگەر ئەوە و زنجیرەیەکی دوورودرێژ لە هەمان ڕووداوی ناسەرەکی کە پێش ئەو ڕوویاندابێ، بایەخی ئەوەیان ببێت دەنگ و هەرایەکی ڕاستەقینەی خەڵک بەرز بکەنەوە و نەک ئەوە بەڵکوو تەکان و شەکانێکی نەرمیش لە هەندێ بەشی ڕۆژنامەی کەمایەتییەکاندا بێننە کایەوە.

دیسامبری ١٩٤٥